بەربژێرەکی جەهپە هەڕەشە لە دەم پارتی کوردی دەکات

بورجو کەکسا، بەربژێری پارتی کەماریی گەل (جەهپە) بە سەرکایەتیی شارەوانی ئافینکاراهیسار رایگەیاند، ئەگەر ببێتە سەرکی شارەوانی لەگەڵ دەم پارتی و هودا پار کار ناکات.

بورجو کەکسا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: ئەگەر بووم سەرکی شارەوانی دەرگای شارەوانی بەڕووی هەموو کەسێکدا کە تورکیای خۆشبوێت و داکۆکی لە یەکپارچەیی بکات، کراوەیە جا ئیتر لە هەر نەژاد، مەزهەب و بیر و باوەڕێک بێت.

وتیشی: "ئەگەر ببمە سەرۆک شارەوانی لەگەڵ پارتی دەم و هوداپاردا کار ناکەم".

کەکسا پیشتریش رایگەیاندبوو، لە ئەگەری هەڵبژاردنی وەک سەرکی شارەوانی ئافینکاراهیسار، جگە لە پارتی دەم، دەرگای شارەوانی بەڕووی هەموو پارتە سیاسییەکاندا دەکاتەوە.

گوتەکانی کەکسا کاردانەوەی لەکەوتبووەوە و ئەکرەم ئیمام ئۆغلو، بەربژێری جەهپە بە سەرکی شارەوانی ئیستانبوە گوتەکانی کەکسای بە توندی ڕەتکردبووەوە و رایگەیاند، "ئەو بەربژێرە یان ئیشەک بە خۆی دەدەزێتەوە یان هی پارتەکی دیکە".